پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فێری ئیستیخارەی دەکردین لە هەموو کاروبارێکماندا هەروەکو فێرکردنی سورەتێک لە قورئان

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزایان خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فێری ئیستیخارەی دەکردین لە هەموو کاروبارێکماندا هەروەکو فێرکردنی سورەتێک لە قورئان»، ودەیفەرموو: «ئەگەر هەریەکێکتان نیازی ئەنجامدانی کارێکی هەبوو، ئەوا با دوو ڕکات جگە لە فەرز -دوو ڕکاتی سونەت- ئەنجام بدات، وپاشان بڵێت: (اللهم إني أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ، وأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ، وأَسْأَلُكَ من فَضلك العظيم، فإنك تَقْدِرُ ولا أَقْدِرُ، وتعلمُ ولا أعلمُ، وأنت عَلَّامُ الغُيُوبِ. اللهم إن كنتَ تعلم أن هذا الأمر خيرٌ لي في ديني ومَعَاشِي وعَاقِبَةِ أَمْرِي)^، يان فەرمووی: (عَاجِلِ أَمْرِي وآجِلِهِ، فاقْدُرْهُ لي ويَسِّرْهُ لي، ثم بَارِكْ لِي فيه. وإن كنت تعلمُ أن هذا الأمر شرٌّ لي في ديني ومَعَاشِي وعَاقِبَةِ أَمْرِي)^^، يان فەرمووی: (عَاجِلِ أَمْرِي وآجِلِهِ؛ فاصْرِفْهُ عَنِّي، واصْرِفْنِي عنه، واقْدُرْ لِيَ الخيرَ حيث كان، ثم أَرْضِنِي به)~، و فەرمووی: «پاشان ناوی پێویستیەکەی دەڵێت». ^(خودایە من داوای ڕێنیشاندانت لێدەکەم -بۆ خێر وچاکە- بە زانستی خۆت، و داوای هێز وتوانات لێدەکەم بە هێز وتوانای خۆت، وداوات لێ دەکەم لە فەزڵی هەرە گەورەی خۆت، چونکە تۆ توانات بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ومن توانام بەسەریدا نییە، وتۆ زانستی ڕەها وبێ سنورت لە لایە کە من لام نییە ونازانم، وتۆ زانا وشارەزای بە پەنهانی ونهێنیەکان، پەروەردگارا ئەگەر دەزانیت ئەم کارە خێری تێدایە بۆ دین وژین ودواڕۆژم)، ^^(وبۆ ئێستا وداهاتووم؛ ئەوا بیسازێنە وئاسانی بکە بۆم وپاشان فەڕ وبەرەکەتی تێبکە بۆم، وئەگەر ئەم کارە شەڕ وخراپەیە بۆ دین وژین وگوزەران ودواڕۆژم)، ~(وبۆ ئێستا وداهاتووم؛ ئەوا دووری بخەرەوە لێم ومنیش (لەو دووربخەرەوە وخێرم بۆ بڕیار بدە لە هەرشوێنێکدا بێت، پاشان ڕازیم بکە پێی

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە)]

ئەگەر مسوڵمان بیەوێت کارێك بكات كە نازانێت شێوازە دروستەکەی کامەیە؛ ئەوا ڕێگەپێدراوە نوێژی ئیستیخارە بكات، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاوڵانی فێری نوێژی ئیستیخارە دەکرد هەروەکو چۆن فێری سورەتێکی قورئانی دەکردن، دوو ڕکات نوێژ دەکات -نوێژی سونەت نەك فەرز-، پاشان نزا دەکات ودەڵێت: (اللهم إني أَسْتَخِيرُكَ:خودایە من داوای ڕێنیشاندانت لێدەکەم -بۆ خێر وچاکە-)؛ داوات لێدەکەم سەرکەوتووم بکەیت بۆ بژاردنی خێرترینیان لە نێوان دوو بژاردەدا، وداوات لێدەکەم (بِعِلْمِكَ:بە زانستی خۆت)؛ کە فراوانە ودەوری هەموو شتێکی داوە، (وأَسْتَقْدِرُكَ:و داوای هێز وتوانات لێدەکەم)؛ هێز وتوانام پێببەخشیت چونکە هیچ هێز وتوانایەکم نییە مەگەر ئەوەی تۆ پێمی دەبەخشیت، (بِقُدْرَتِكَ:بە هێز وتوانای خۆت)؛ کە زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا وهیچ شتێك لە ژێر دەسەڵات وتوانای تۆ دەرناچێت، (وأَسْأَلُكَ من فَضلك:داوات لێدەکەم لە فەزڵی خۆت)؛ وچاکەکاریت، (العظيم:کە فرە مەزنە)؛ وفراوانە؛ چونکە بەخشینت فەزڵێکە لە لایەن تۆوە، وهیچ یەکێك مافی بەسەر تۆوە نییە لە هیچ نیعمەتێکدا، (فإنك تَقْدِرُ:چونکە تۆ توانات هەیە)؛ بەسەر هەموو شتێکدا ومن لاواز وبێ دەسەڵاتم، (ولا أَقْدِرُ:ومن ناتوانم)؛ هیچ شتێك بکەم مەگەر بە یارمەتی تۆ، (و)؛ تۆ، (تعلمُ:دەزانیت)؛ بە زانستی گشتگیری خۆت کە دەوری ناخ وڕووکەشی هەموو شتێکی داوە، وهەموو خێر وشەڕێك دەزانیت، (و)؛ من، (لا أعلمُ:نازانم)؛ هیچ شتێك مەگەر بە سەرخستن وهیدایەتی تۆ نەبێت، (وأنت عَلَّامُ الغُيُوبِ:وتۆ زانا وشارەزای بە پەنهانی ونهێنیەکان -بە غەیب)؛ تۆ خاوەنی زانستی ڕەها، ودەسەڵاتی چەسپاویت، وهیچ یەکێك ناتوانێت خاوەنی شتێك بێت لەمانە مەگەر ئەوە نەبێت کە تۆ لە قەدەردا بۆیت نووسیوە وتوانات پێداوە خاوەنی بێت. پاشان مسوڵمان داوا لە پەروەردگاری دەکات ودەپاڕێتەوە، وناوی شتە داواکراوەکەی دەهێنێت ودەڵێت: (اللهم:خودایە)؛ کارەکەم بە تۆ سپارد، ئەگەر (إن كنتَ تعلم:دەزانیت)؛ لە زانستی خۆتدا کە ئەم شتە، (ويسمي حاجته:وناوی پێویستیەکەی دەڵێت)؛ وەکو کڕینی خانوویەك، یان کڕینی ئۆتۆمبێلێك، یان هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێك یان هەرشتێکی تر. ئەگەر ئەم شتە لە زانستی تۆدا هاتبێت کە (خيرٌ لي في ديني:خێری تێدایە بۆ ئاینم)؛ کە بڕبڕەی پشتی وپارێزەری هەموو شتێکمە، (ومَعَاشِي:وله ژیانم)؛ وله دونیام، (وعَاقِبَةِ أَمْرِي:وبۆ

دوا ڕۆژم)؛ وسەرەنجامی هەموو کارێکم، یان فەرمووی: (في عَاجِلِ أَمْرِي وآجِلِهِ:بۆ ئێستا وداهاتووم)؛ لە دونیا وقیامەتدا، (فاقْدُرْهُ:ئەوا بیسازێنە)؛ وئامادەی بکە وجێبەجێ بێت، (لي:بۆ من)، (ويَسِّرْهُ لي:وئاسانی بکەم بۆم)، (ثم بَارِكْ:پاشان بەرەکەت وپیرۆزی)؛ وزۆری خێر، (لي فيه:ببەخشە پێم تێیدا)، (وإن كنت تعلمُ:وئەگەر دەزانیت)؛ ئەی اللە، (أن هذا الأمر:کە ئەم شتە)؛ کە داوای ئیستیخارە وبژاردنم لە تۆ کردووە تێیدا، (شرٌّ لي في ديني ومَعَاشِي وعَاقِبَةِ أَمْرِي -أو قال:- في عَاجِلِ أَمْرِي وآجِلِهِ؛ فاصْرِفْهُ عَنِّي، واصْرِفْنِي عنه، واقْدُرْ لِيَ الخيرَ حيث كان، ثم أَرْضِنِي بە:شەڕ وخراپەیە بۆ دین وژین وگوزەران ودواڕۆژم -یان فەرمووی:- وبۆ ئێستا وداهاتووم؛ ئەوا دووری بخەرەوە لێم ومنیش لەو دووربخەرەوە وخێرم بۆ بڕیار بدە لە هەرشوێنێکدا بێت، پاشان ڕازیم بکە پێی)؛ وڕازیم بکە بە هەموو قەزا وقەدەرێکت لەوەی پێم خۆشە ولەوەیشی کە پێم ناخۆشە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3293